


# ئێران و حکومەتی کازمی؛
# بژاردەی ناچاری

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان
١٦٢

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Political Studies

# ئێران و حکومەتی مستەفا کازمی؛ بژاردەی ناچاری

ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٦٢

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

ئابی ٢٠٢٠

# ئێران و حکومەتی مستەفا کازمی؛ بژاردەی ناچاری

ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

## پێشەکی

لە پاش مشتومڕێکی چەند مانگە، دواجار مستەفا کازمی متمانەی پەرلەمانی عێراقی وەرگرت و سەرەڕای نارەزایەتی بەشیک لە هێزە شیعەکان، ئەرکی سەرۆک وەزیرانی پێ سپێردرا. کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک لایەنێکی باڵادەست لە عێراق، هەر زوو ڕەزامەندی خۆی پێشاندا و لە کاردانەوەی فەرمی ئەم وڵاتە و میدیا کاریگەرەکانی، وا دەرکەوت کە ئێران خۆی بە براوەی ماراسۆنی هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق دەزانێت و ڕێگەی نەداوە سەرۆک وەزیرانێک لە دەرەوەی ویستی ئێران بسەپێنرێت. بەڵام ئایا بەڕاستی کازمی سەرۆک وەزیرانی جێ پەسەندی ئێرانە و لەسەر چ بنەمایەک ئێران ڕەزامەندی لەسەر ئەم بژاردەیە پێشانداوە؟ گرنگترین ئەو داواکاری و چاوەڕوانیانەی کە ئێران لە کازمی هەیەتی، چین؟ لەم توێژینەوەدا هەوڵ دراوە وڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە.

## خۆپێشاندانەکانی عێراق؛ گۆڕانی هاوکێشەکان

لە یەکەم کاردانەوەی فەرمیدا، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران پێشوازی گەرمیی لە هەڵبژاردنی مستەفا کازمی کرد و سوپاسی هەموو لایەن و کەسایەتییە ناسراوەکانی عێراقی کرد بۆ هاودەنگی و کارئاسانیان لە هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیرانی نوێ و بەتایبەتی ناوی «عەدنان زورفی» هێنا(١). ئەو کاندیدەی کە لەناو میدیا ئوسوڵگەراکانی ئێران بە «ئەمەریکایی بوون» تۆمەتبار کرا و هەڵبژاردنی وەک سەرۆک وەزیران بە بردنەوەی ئەمەریکا و هاتنەسەر دەسەڵاتی یەکەم سەرۆک وەزیرانی دژ بە ئێران لە دوای ساڵی ٢٠٠٣-ەوە خوێندنەوەی بۆ کرا. جەختی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەسەر ئەوەی کە کازمی، بژاردەیەکی «تەواو عێراقی»یە و بەبێ دەستێوەردان و نفوزی «وڵاتێکی دەرەکی» دەسەڵاتی وەرگرتووە، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە پێشانی ناوخۆی وڵاتەکەی و ڕایگشتیی جیهانی بدات، کە دواجار کاندیدی پەسەندکراوی ئێران هاتەسەر دەسەڵات نەک ئەمەریکا. گرنگی ڕاگەیاندنی ئەم سەرکەوتنە بۆ دۆخی هەنووکەیی ئێران دەگەڕێتەوە؛ ئێران چی تر توانای ڕابردووی بۆ کۆدەنگی هێزە شیعەکان و کۆکردنەوەیان لە ژێر چەترێکی هاوبەشدا نییە و دەنگی نارەزایەتی و بێزاری بەشێک لەو هێزانە بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ دەبیسترێت. کۆماری ئیسلامی کەسایەتییەکی بەهێزی وەک «قاسم سلێمانی» بۆ نەماوەتەوە کە توانای دروستکردنی کۆدەنگی لە ناوخۆی عێراقدا هەبێت و تەنانەت لە شارە شیعەکاندا زیاتر لە ڕابردوو دەنگی نارەزایەتی دژ بە سیاسەتەکانی ئێران لە عێراق بەرزبووەتەوە و هێرشی چەندجارەی گەنجانی عێراقی بۆسەر باڵیۆزخانەکانی ئێران، سەلمێنەری ئەم ڕاستییە بوون، بە تایبەتی لە شارە ئایینییە گرنگەکانی وەک نەجەف و کەربەلا. ئەمە جیا لەوەی کە لە ماوەکانی ڕابردوودا، جیابوونەوەی بەشێک لە لیواکانی حەشدی شەعبی و چوونە ناو فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، ئاماژەیەکی ڕوونی لێکترازانی ڕیزی هێزە پرۆکسییەکانی ئێران بوو(٢). لە لایەکی ترەوە فشارە بەردەوامە ئابووری و سەربازییەکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران و لێدانی بنکەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق و فشارخستنەسەر حکومەتی عێراق بۆ کۆتاییهێنان بە گرێبەستە ئابووری و بازرگانییەکان، سەرجەمیان وێنای عێراقێکی نوێ دەکەن کە تیایدا، نە

ئێران ئەو هێزە باڵادەستەی جارانە و نە ئەمەریکاش، وڵاتە سازشکەرەکەی سەردەمی ئۆبامایە. بۆیە ئەگەر لە ڕابردوودا، هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیرانێکی نزیک لە ئێران، وەک ڕووداوێکی ئاسایی لێی دەڕوانرا، بەڵام لە ئیستادا و بەهۆی گۆڕانکارییە نوێیەکان، هەر ئەم دووبارەبوونەوەش بۆ ئێران دەسکەوتە.

**عەدنان زورفی؛ هێڵی سووری ئەمەریکایی بوو**

پێش ئەوەی ناوی عەنان زورفی وەک بژاردەیەکی بەهێز بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەرکەوێت، «محەمەد تەوفیق عەلاوی» وەک یەکەم کاندیدی دوای دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی، بە فەرمی ناسێنرا. هەرچەندە بەراورد بە بژاردەکانی تر کە ئێران پێیوابوو بە ئاشکرا دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئێران کار دەکەن، عەلاوی کەسێکی میانڕەوتر دیار بوو، بەڵام بۆچوونەکانی ناوخۆی ئێران پێیانوابوو کە عەلاوی لە ئێران نزیک نییە(٣). لەگەڵ ئەمەشدا هەر زوو دەرکەوت کە عەلاوی توانای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنەکانی بە سوننە و کورد و بەشێک لە شیعەکانی نییە و پێش ئەوەی ئێران دەستێوەردانی خۆی بکات، کاندیدی نوێ پاشگەزبوونەوەی خۆی ڕاگەیاند.

«عەدنان زورفی» دووەمین کەس بوو کە ئەمجارەیان ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆک کۆماری عێراقەوە بۆ پێکهێنانی کابینە ڕاسپێردرا. سەرەڕای ئەوەی کە بەراورد بە عەلاوی، بژاردەیەکی بەهێزتر بوو، بەڵام هەر لە سەرەتاوە لەلایەن بەشێک لە هێزە شیعەکانی نزیک لە ئێرانەوە، ڕەخنەی توندی لێگیرا. سەبارەت بە ئێرانیش هەر لە سەرەتادا بابەتی ڕەگەزنامەی ئەمەریکی و نزیکایەتی و هاوهەڵوێستی لەگەڵ ئەمەریکا، دوو هۆکاریی سەرەکی ڕەتکردنەوەی ئەم بژاردەیە بوون(٤). ئەمە جیا لەوەی کە کارنامەی زورفی وەک پارێزگاری نەجەف (لە ساڵەکانی ٢٠٠٤-٢٠٠٥، ٢٠٠٩-٢٠١٣ و ٢٠١٣-٢٠١٥) لە بواری کۆمەڵایەتی، ئایینی و سیاسی و پشتگیری ئەو بۆ خۆپیشاندەرانی عێراقی دژ بە دەوڵەت و دژایەتی ئاشکرای بۆ ئەو هێزانەی کە ڕۆڵێکی سەرەکیان لە شکستدانی داعش هەبووە، لەو ئیبینیانە بوون کە ئێران بۆ ئەم کەسایەتییە هەیبوو(٥). هەروەها بۆچوونەکانی زورفی سەبارەت بە هێزە چەکدارییە ناحکومییەکان و نفوزی ئێران لە عێراق، پاڵی بە ئێرانەوە نا کە بیر لە بژاردەیەکی گونجاوتر بکەن(٦).

ئێران چاوەڕێی ئەوە دەکات کە کازمی سەبارەت بەپرسی چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکا خۆی یەکلایی بکاتەوە

**هەڵبژاردنی مستەفا کازمی؛ گونجاو لە ئیستادا**

سەبارەت بە هەڵبژاردنی مستەفا کازمی، دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە ڕێککەوتنێکی ژێربەژێر و نافەرمی لە نێوان ئێران و ئەمەریکا بۆ ئەم مەبەستە لە ئارادا بووە؛ بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەری «میدل ئیست ئای»، ئێران و ئەمەریکا بەنهێنی لەسەر دەنگدانی لایەنە شیعەکان بۆ کازمی ڕێککەوتن و ئەمە لە پێناو ئازادکردنی بەشێک لە پارە بلۆک کراوەکانی ئێران لە ئەورووپا هاتووە، کە ئەمەریکا چاوپۆشی لێبکات و کارئاسانی بۆ بکات. باس لەوە دەکرێت کە ئازادبوونی یەک ملیار و ٦٠٠ ملیۆن دۆلاری ئێران بە هۆی بڕیارێکی دادگای لۆکزەمبۆرگ، لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنە بووە(٧). لەگەڵ ئەمەشدا

بەپرسانی ئێرانی بوونی ڕێککەوتنێکی وەهایان بە تەواوی ڕەتکردەوە(٨). هەروەها بەشێک زانیارییەکان باسیان لەوە دەکرد کە ئێران لە هەوڵی کاندیدکردنی سێ کەسایەتی نزیک لە خۆی بە ناوەکانی ئەسعەد عیدانی، قوسەی سوهەیل و محەمەد شیاع سودانی بووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە(٩).

لە لایەکی ترەوە بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە بەشێک لە میدیاکانی ئێران بڵاوبووەوە، ئێران پێش چەند مانگێک ئامادەکاری بۆ خستنەڕووی بژاردەی کازمی کردبوو و هەماهەنگی لەگەڵ خودی کازمی و هێزە شیعەکانی عێراق ئەنجامدابوو. ئەم ئامادەکارییە بە شێوەیەکی جیدی لە دوای سەردانەکەی «عەلی شەمخانی»، سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئێران بۆ عێراق لە ٢٠٢٠/٣/٧ و دیداری لەگەڵ سەرۆک سێ دەسەڵاتەکەی عێراق، هەروەها مستەفا کازمی دەستی پێکردبوو. مستەفا فەحس لەمبارەیە پێیوایە، ناردنی عەلی شەمخانی وەک کەسێکی بە ڕەچەڵەک عەرەب و خەڵکی ئەهواز بۆ عێراق و دیداری لەگەڵ مستەفا کازمی، دەرئەنجامی گۆڕینی ستراتیژی ئێران و زاڵبوونی دیدێکی واقیعییە، کە چی تر لە بری پەنابردن بۆ کەسایەتییەکانی نەوەی یەکەمی شیعە، ئەمجارەیان لە ژێر فشار و هەڕەشەکانی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق، لەگەڵ نەوەی دووەمی سیاسییە شیعەکان سازش بکرێت و بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران کاندید بکرێت. پێدەچێت ئەمە بە مانای دوورکەوتنەوەی ڕژێمی ئێران بێت لە سیاسەتە ڕادیکاڵەکانی «سوپای پاسداران» بە سەرۆکایەتی قاسم سلێمانی، کە ڕێگریان لە کاندیدبوونەوەی حەیدەر عەبادی گرت و عادل عەبدولمەهدیان هێنایە پێشەوە(١٠). بە مانایەکی تر هاتنەپێشەوەی دامەزراوەی «ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئێران» بۆ پرسی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن شەمخانی -کە بە کەسایەتییەکی میانەڕەو و نزیک لە ڕیفۆرمخوازەکان ناسراوە-، بە مانای جۆرێک لە گۆڕینی دیدگای ئێران بۆ عێراقی نوێی دوای خۆپێشاندانەکان دێت و لە هەمانکاتدا لەوانەیە ئاماژەیەک بێت بۆ کەمبوونەوەی نفوزی سوپای پاسداران لە عێراق، بە تایبەتی لە دوای کوژرانی قاسم سلێمانی(١١).

لەگەڵ دەستنیشانکردنی کازمی وەک کاندیدی پێکهێنانی حکومەتی نوێ و ئاماژەکانی قایلبوونی زۆرینەی لایەنە شیعە و سوننە و کوردەکان بەم بژاردەیە، لە ناو بەشێکی زۆر لە میدیای ئێرانیش هەوڵی ئامادەکاری بۆ ناساندنی کازمی وەک بژاردەیەکی گونجاو درا. لەمبارەیەوە ماڵپەری «تسنیم نیوز»ی نزیک لە

> **”**
>
> **لەگەڵ دەستنیشانکردنی کازمی وەك کاندیدی پێکهێنانی حکومەتی لە ناو بەشێکی زۆر لە میدیای ئێرانیش هەوڵی ئامادەکاری بۆ ناساندنی کازمی وەك بژاردەیەکی گونجاو درا**
>
> **“**

سوپای پاسداران، لە ڕاپۆرتێکی شیکاریدا باس لەوە دەکات کە سەرەڕای ئەوەی کە کازمی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ وڵاتانی ئەمەریکا و ئەوروپا هەیە و بە پاڵپشتی ئەوان بووەتە سەرۆکی دەزگای هەواڵگری عێراق کە لە ٢٠١٤ دامەزرا، بەڵام کازمی لە دوای دەستبەکاربوونی، بەشی سیخووڕی تایبەت بە ئێرانی کە لە ٢٠٠٤-ەوە دامەزرابوو، هەڵوەشاندووەتەوە(١٢)، بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی کەیهان ئەم بەشە بە ناوی «لقی ئێران» بووە و ئامانجی چاودێری کردنی دیپلۆماتکارەکانی ئێران بووە(١٣). کە ئەمەش وەک ئاماژەیەک بە نیازپاکی ئەو بەرامبەر ئێران

خوێندنەوەی بۆ کرا. ئەمە لەکاتێکدا بووە کە کەتیبەی «حزبولا» وەکو یەکێک لە هێزە چەکدارەکانی سەر بە ئێران لە ناو حەشدی شەعبیدا، لە بەیاننامەیەکدا مستەفا کازمی-یان بە تۆمەتبار کردبوو لە پیلانی کوشتنی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس تۆمەتبار کردبوو(١٤).

هەر چۆنێک بێت ئێران دەیەوێت وای دەربخات کە هەڵبژاردنی کازمی لە دوای شکستی عەدنان زورفی، جارێکی تر بە مانای سەلماندنی باڵادەستی ئێران لەم وڵاتە و هاودەنگی و پشتیوانی لایەنە سیاسییەکان و بەتایبەت شیعەکان و شکستی پیلانەکانی ئەمەریکا دێت. سەرەڕای ئەمانەش لەم دۆخەی ئیستادا، لەوانەیە بڕیار بەدەستانی ئێران گەیشتبن بەو دەرئەنجامەی کە سەرۆک وەزیرانێک بێنە سەردەسەڵات کە بتوانێت ڕەزامەندی ئەمەریکا بەدەست بێنێت بۆ ئەوەی نەبێتە لەمپەرێک لەبەردەم هەنگاوەکانی بۆ گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ عێراق و تەنانەت کار بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پەیوەندییە تایبەتەکانی کازمییەوە، پەیوەندییە ئابوورییەکانی ئێران و عێراق بەردەوام بێت، بە جۆرێک کە ئەمەریکا ڕێگرییەکانی زیاتر نەکات.

### چاوەڕوانییەکانی ئێران؛ لانی کەمی بەرژەوەندییەکان

سەرباری هەموو ئەم شرۆڤە ئەرێنیانە بۆ هەڵوێستی ئێران بەرامبەر بە هەڵبژاردنی کازمی، بەڵام دۆسیەکانی وەک دەرچوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، جێگیرکردنی سیستمی پاتریۆت لە چەند بنکەیەی سەربازی ئەمەریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، چارەنووسی هێزەکانی حەشدی شەعبی، سزاکانی سەر ئێران و لێخۆشبوونی عێراق لە پابەندبوون بەم سزایانە، لە گرنگترین ئەو ئاریشانە دەبن کە سەرۆک وەزیرانی نوێ ڕووبەڕووی دەبێتەوە و گرتنەبەری سیاسەتێکی نێوانگرانە بۆ داواکارییەکانی ئێران و فشارەکانی ئەمەریکا، لەلایەن کازمییەوە ئەستەم دەکات. ئێران سەرەڕای هەستکردن بە گۆڕانکارییە نوێیەکانی عێراق و ئەو ڕاستییەی کە ئەمەریکا لە ماوەیەکی نزیکدا عێراق بەجێ ناهێڵێت، لانی کەم تا کۆتایی خولی یەکەمی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترامپ، فشارەکانی سەر ئێران بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەو چاوەڕوانییەشی لە سەرۆک وەزیرانی نوێ هەیە کە ئەگەر توانای ڕەتکردنەوەی داواکانی ئەمەریکای نەبێت، لانی کەم بەتەواوی بە زیانی ئێران نەشکێتەوە.

بەشێکی گرنگی کێشەکانی بەردەم کازمی کە ئەولەوییەتەکانی ئێران و هێزە چەکدارەکانی سەر بە ئەو پێکدێنن، چۆنێتی ڕاگرتنی باڵانسی هێزە چەکدار و پێگە سەربازییەکانە. ئێران لە جووڵەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا لە عێراق و دانانی سیستمی پاتریۆت لە پێگەکانی عەین ئەسەد و هەولێر(١٥) و لێدانی هێزەکانی حەشدی شەعبی و ئەگەری دووبارەبوونەوەیان نیگەرانە و چاوەڕێی ئەوە دەکات کە کازمی سەبارەت بەم جووڵانەی ئەمەریکا و پێگەی داهاتووی هێزەکانی حەشدی شەعبی، هەروەها پرسی چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکا خۆی یەکلایی بکاتەوە(١٦). ئەمە لە کاتێکدایە کە کازمی بە ئامانجی هێشتنەوەی چەک لە دەستی دەوڵەت و بەهێزکردنی پێگەی هێزە ئەمنییەکان بە تایبەتی سوپا و دزگای دژە تیرۆرە و بوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی بەمشێوەی ئیستا، لەمپەڕە لە بەرامبەر هەنگاوەکانی کازمی(١٧). بە تایبەتی کە لە هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کازمی، ئەو دەنگۆیە لە ناو حەشد بڵاوبووەتەوە، کە ئەمەریکا لە هەوڵی هاندانی کازمییە بۆ سنووردارکردنی ئێران و هێزە پرۆکسییەکانی(١٨). ئەگەرچی ئێران لەوانەیە لە پرسی چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکا- سەرەڕای دەنگدانی پەرلەمانی عێراق- چاوەڕێی هاوهەڵوێستی کازمی نەکات، بەڵام لە بابەتی چەک کردنی هێزەکانی شەعبی و سنووردارکردنیان، ئامادەی سازش نییە و بە پێچەوانەوە وەک کارتێکی فشار لە بەرامبەر حکومەتەکەی کازمی بەکاری دەهێنێت. بابەتی ئابووری لە پلەی دووەمی چاوەڕوانییەکانی ئێران لە کازمی دێت، بەشێوەیک کە فشارەکانی ئەمەریکا کاریگەی لە سنووردارکردنی بازرگانی ئێران

و عێراق نەکات بە تایبەتی لە بواری وزە، کە لە ئیستادا عێراق لەو کەمینە وڵاتانەیە کە ئێران دەتوانێت بە دوور لە سزاکانی ئەمەریکا سوودی لێ ببینێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە کازمی لە بەردەم فشارەکانی ئەمەریکایە، کە خۆی لە بلۆک کردنی داهاتی فرۆشتنی نەوتی ئێران، درێژنەکردنەوەی ماوەی کڕینی غاز و کارەبا لە ئێران دەبینێتەوە، ئەمە جیا لە زیادبوونی فشارە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی سعودیە و ئیمارات و تورکیا(١٩). ئەگەرچی درێژکردنەوەی ماوەی کڕینی کارەبا لەلایەن عێراقەوە بۆ ماوەی ١٢٠ ڕۆژ، کە دەستبەجێ لە دوای متمانەبەخشینی کابینەی کازمی و لە پەیوەندیی تەلەفۆنی نێوان مستەفا کازمی و مایک پەمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕاگەیەنرا و وەک ئاماژەیەک بەوەی کە ئەمەریکا لە ئیستادا نایەوێت لەم بوارەدا حکومەتی کازمی بخاتە ژێر فشارەوە، خوێندنەوەی بۆ کرا، بەڵام لێدوانە چاوەڕوان نەکراوەکەی «علی عەبدولئەمیر عەلاوی»، وەزیری دارایی عێراق سەبارەت بە پابەندبوونی عێراق بە سزاکانی ئەمەریکا و ڕاوەستانی کڕینی کارەبا و غاز لە ئێران و لە بری ئەوە، ڕێککەوتنی کڕینی وزە لە عەرەبستانی سعودی(٢٠)، گومانەکانی ئێرانی لە خۆڕاگری کازمی بەرامبەر فشارەکانی ئەمەریکا زیاتر کرد. ئەمە لە کاتێکدایە «ئیرەج مەسجدی» باڵیۆزی ئێران لە عێراق لەمبارەیە ڕایگەیاندبوو، ئەمەریکا فشارێکی زۆری خستووەتەسەر حکومەتی عێراق کە چی تر غاز و کارەبا لە ئێران نەکڕێت، بەڵام سەرکەوتوو نابێت، چونکە عێراق پێویستی بە یارمەتی ئێران لەمبارەیەوە هەیە لە کاتێکدا کە نرخەکەی بەپێی نرخی وڵاتانی ترە(٢١). بەمشێوەیە ئاسۆی سیاسەتی حکومەتی کازمی لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان فشارەکانی ئەمەریکا و چاوەڕوانییەکانی ئێران ڕوون نییە و گۆڕانکارییە هەرێمییەکان چارەنووسی حکومەتی نوێی عێراق دیاری دەکات.

## دەرەنجام

ئەگەرچی مستەفا کازمی کاندیدی پەسەندکراو و جێمتمانەی ئێران نییە و بە نەوەی دووەمی سیاسییە شیعەکانی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دادەنرێت، کە بە پێچەوانەی نەوەی یەکەم، پەیوەندی توندۆتۆڵ و لایەنگرانەی بۆ ئێران نییە، بەڵام بەپێی دۆخی هەرێمایەتی و ناوخۆیی عێراق و بەردەوامی فشار و هەڕەشەکانی ئەمەریکا، لە ئیستادا ئەوەندەی کە پێکهاتنی دەوڵەتێک بۆ ڕێگرتن لە پارچەبوونی عێراق بۆ ئێران گرنگە، بابەتەکانی تر وەک ڕابردووی پەیوەندییەکانی سەرۆک وەزیرانی نوێ لەگەڵ ئەمەریکا یان دۆسیەی کوشتنی قاسم سلێمانی گرنگی پلە دوویان هەیە. نارەزایەتییەکانی عێراق کە بەشێکی زۆری ڕووبەڕووی ئێران و سیاسەتەکانی بوونەوە و لێدانی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ناو خاکی عێراق لەلایەن ئەمەریکا و نەمانی کەسی یەکەمی ئێران لە عێراق و بەردەوامی سزاکانی ئەمەریکا کە دوور نییە عێراقیش بگرێتەوە، لەو هۆکارانەن کە بڕیاردەرانی ئێرانی گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی کە چی تر هاوشێوەی ڕابردوو ناتوانن کاریگەریان لەسەر بڕیارەکانی حکومەتی عێراق هەبێت، هەر بۆیە موحافیزکارانە هەوڵی ئەوە دەدەن کە چاوەڕوانی و داواکارییەکانیان لە حکومەتی نوێ واقیعیتر بێت لە پێناو ئەوەی کە لانی کەمی بەرژەوەندییە ئەمنی و ئابوورییەکانی ئێران پارێزراو بێت.

## سەرچاوەکان

(١)انتخاب(١٣٩٩/٢/٢١)، « سخنگوی وزارت خارجه: از انتخاب الکاظمی به عنوان نخست وزیر عراق، استقبال می‌کنیم»، https://www.entekhab.ir/fa/news/٥٤١٣٧٤ .

(٢)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یاسین نەها(٢٠٢٠/٤/٢٥)، « حەشدی شەعبی لە پاش جیابوونەوەی لیواکانی مەرجەعیەت»، https://www.centerfs.org/hashdi-al-shaabi-after-the-separation-of-the-marjah-clerics/.

(٣)ایرنا(١٣٩٨/١/١٦)، « تفاوت موضع نخست‌وزیر جدید عراق به ایران با عادل عبدالمهدی»، https://plus.irna.ir/news/٨٣٦٦١٠٥٦/.

(٤)شورای ڕاهبردی روابط خارجی(١٣٩٨/١٢/٢٩)، « چالشهای پیشروی نخست‌وزیر جدید عراق»، https://www.scfr.ir/fa/٣٠٠/٣٠١٠١/١٢٢٤٨٦/.

(٥)هەمان سەرچاوە؛ قنادباشی، جعفر(١٣٩٩/٢/٢٥)، «امیدها و موانع مصطفی کاظمی برای شکست بن بست سیاسی عراق»، https://basirat.ir/fa/news/٣٢١٨٦٤/.

(٦)پیرمحمدی، سعید(١٣٩٩/٢/٢٣)، « مصطفی الکاظمی و پازل پیچیده رقابت ایران و امریکا در عراق»، http://irdiplomacy.ir/fa/news/١٩٩٠٦٦٣/.

(٧)دویچەولە(٢٠٠٥/٥/١٥)، «افشای «توافق پنهانی ایران و آمریکا» بر سر نخست‌وزیری کاظمی در عراق»، https://www.dw.com/fa-ir/.

(٨)الف(١٣٩٩/٢/٢٤)، «سفیر ایران در بغداد: توافقی با آمریکا درباره تعیین نخست‌وزیر عراق صورت نگرفته است»، https://www.alef.ir/news/٣٩٩٠٢٢٤١٠٣.html .

(٩)مركز بيت العراق(٢٠٢٠/٥/٢٥)، «السيناريوهات المحتملة لمستقبل حكومة الكاظمي»، https://iraqhouseinstitute.com/.

(١٠)مصطفی فحص(٢٠٢٠/٤/١٢)، «شمخانی، کاظمی و دستپاچگی ایران»، https://persian.aawsat.com/home/article/٢١٧٦٩٤٦/.

(١١)الحرة(٢٠٢٠/٥/١١)، « قرارات الكاظمي الصعبة.. هل تفقد ايران هيمنتها على العراق؟ الحرة / خاص - واشنطن»، https://www.alhurra.com/iraq/٢٠٢٠/٠٥/١٧.

(١٢)تسنیم نیوز(١٣٩٩/٢/٢٣)، « گزارش| نخست‌وزیر جدید عراق و مهمترین اولویت‌های دولت آینده»، https://www.tasnimnews.com/fa/news/١٣٩٩/٠٢/٢٣/٢٢٤٠٧١٥/.

(١٣)کیهان(١٣٩٩/٢/٢٢)، «مصطفی کاظمی، پنجمین نخست‌وزیر مکلف عراق آیا این کشور از بحران سیاسی خارج می‌شود؟»، http://kayhan.ir/fa/news/١٨٨٥٣٥/؛ مشرق نیوز(١٣٩٩/٢/٢٣)، « موضع آمریکا و ایران درباره نخست وزیر جدید عراق چیست؟»، https://www.mashreghnews.ir/news/١٠٦٠٥٤٨/.

(١٤)يقين(٢٠٢٠/٣/٤)، « حزب الله يتهم احدى الرئاسات الثلاث بتسهيل قتل سليماني والمهندس»، https://yaqein.net/politics/٢٤٧٢٥٤ .

(١٥)عەلی زەڵمی(٢٠٢٠/٣/٣٠)، « ئەمریکا سیستمی پاتریۆت لە هەولێر و عەین ئەسەد جێگیردەکات»، https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/٣٠٠٣٢٠٢٠٣ .

(١٦)پیرمحمدی، سعید(١٣٩٩/٢/٢٣)، « مصطفی الکاظمی و پازل پیچیده رقابت ایران و امریکا در عراق»، http://irdiplomacy.ir/fa/news/١٩٩٠٦٦٣/.

(١٧)دلشاد الدلوي(٢٠٢٠/٥/١٥)، « ضغوط وازمات تعيق «الكاظمي» عن كبح نفوذ ايران بالعراق»، https://al-ain.com/article/iraq-al-kazemi-pressures-curb-iran-influence.

(١٨)نفس المصدر.

(١٩)پیرمحمدی، سعید(١٣٩٩/٢/٢٣)، « مصطفی الکاظمی و پازل پیچیده رقابت ایران و امریکا در عراق»، http://irdiplomacy.ir/fa/news/١٩٩٠٦٦٣/.

(٢٠)اخبار العراق(٢٠٢٠/٥/٢٣)، « من السعودية.. علاوي يعلن النخلي عن استيراد الغاز والكهرباء من ايران»، https://iraqakhbar.com/٢٤٢٨٧٠٨ .

(٢١)الف(١٣٩٩/٢/٢٤)، «سفیر ایران در بغداد: توافقی با آمریکا درباره تعیین نخست‌وزیر عراق صورت نگرفته است»، https://www.alef.ir/news/٣٩٩٠٢٢٤١٠٣.html .

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS